# حیجاب، عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی

وەرگێڕانی  لە فارسییەوە بۆ کوردی بەکر ئەحمەد

وەرگێڕدراو لە گۆڤاری ئازادی ژن ژ: 48 و 49

**لە پاش باس و جەدەلەکانی پەرلەمانی فەڕەنسی لە پەیوەند بە قەدەغەکردنی جلوبەرگ و سیمبوڵە ئایینییەکانەوە لە قوتابخانە و ئیداراتی دەوڵەتیدا، پیاوێکی جوو دەڵێت:"ئەگەر ئینسان ناچار بکرێت وەك فەرد جوو بێت و لە گشتیشدا فەڕەنسی بێت، کۆتاییەکەی بە شیزۆفرینیا تەواو دەبێت"**

**ژنێکی موسوڵمانیش:" ئەگەر بە تەنها لە ماڵەوە موسوڵمان بم و لە شەقامیشدا فەڕەنسی بم، بەم شێوەیە دەمخنکێنن"**

**ئەم وتارەی بەردەستتان، ڕێك لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە ئەم ئاخاوتنانە کۆتاییان دێت.**

**"ئایین کاری تایبەتی ئینسانەکانە"، لە کوێی ئەم دەربڕینانەدا ڕادەوەستێت، پەیوەندییەکانی نێوان تایبەت و گشت چۆن دەپارێزرێت؟ چەند ئەم خۆپیشاندانەی ئایین لە شوێنی کار و قوتابخانەدا، لە ڕێگای حیجاب و کڵاوی جووەکان و سیمبوڵەکانی دیکەی مەسیحییەوە، لەگەڵ بنەماکانی عەلمانییەتدا دێنەوە؟**

**ئەگەرچی تەوەری سەرەکی ئەم ئاخاوتنەی گۆڤاری "ئازادی ژن" لەگەڵ حەمیدی تەقوایدا لە حیجابەوە دەستپێدەکات، بەڵام کرۆکی باسەکە عەلمانییەت و کۆمەڵگای مەدەنی و گەلێك پرسیاری گرنگی ترن.**

**تێبینییەکی کورت کە دەبێ ئاماژەی پێبکەم، لەبەینی کەوانە دانانی چەمکی "هاوڵاتییە" کە لە زمانی فارسیدا بە "شەهرەوەند" وەرگێڕدراوە. چەمکێك کە نزیکایەتییەکی گەورەتری لەگەڵ وشە ئینگلیزییەکەی Citizin دا هەیە. بەبڕوای من، چەمکی "هاوڵاتی" لە باری زمانەوانییەوە ئەو ناوەڕۆکە ناگەێنێت کە وشەی "سیتیزن"ی ئینگلیزی گێڕەرەوەیەتی. ئەو جیهانبینییەی کە چەمکی هاوڵاتی لەسەر هەڵچنراوە، ئەتنییەت و ئینتیما بۆ ئەتنییەت دایڕشتووە. لەکاتێکدا، چەمکی "هاولاتیبوون" بە ناوەڕۆکە ئینگلیزیی و زمانەکانی دیکەی ئەوروپی، ئاماژە بە ئەندامانی مافیەکسانی کۆمەڵگا دەکات ئەگەر چی ئەو ئەندامانە ئینتیمای هەمان وڵاتیان نەبێت. ڕەنگە گەورەترین پاکتاوکردنی نەژادبی لە عێراقی هەشتا و کۆتایی حەفتاکاندا، ناوەڕۆکە پراکتیکییەکەی چەمکی هاوڵاتیمان بە ڕۆشنی بۆ ڕوونکاتەوە. کاتێك هەزاران لە خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەبەوە لەژێر پەرچەمی "تەبەعییەی ئێرانی"دا، دیپۆرتکرانەوە بۆ ئێران، کاتێك ملیۆنەها کرێکاری میسری کە ماشێنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای عێراقیان لەسەر شان بوو و بە بێ هیچ مافێکی "هاولاتیبوون" ڕەوانەکرانەوە، ئەمانە هەمووی ئاماژەکانی ئەو چەمکەن کە لە ژێر ناوەڕۆك و تەفسیرە ناسیۆنالیستییەکەی ئەودا نەدەتوانرا وەك "هاوڵاتیانی" مافیەکسانی کۆمەڵگا قبوڵبکرێن. ڕەنگە کەسانێك بڵێن کە ئیشکالیەتەکە لە گەڵ مانا زمانەوانییەکەی "هاوڵاتی"دا نەبێت، بەڵام بەوەی ئەم دەربڕینە لە زمانی عەرەبی و کوردیدا لە زەمەنی باڵادەستی گوتاری ناسیۆنالیزمدا داڕێژراوە، وە ئەو تەفسیرانەیشی کە ئەوسا و ئێستاش لەم دەربڕینە دەکرێت، هەمان گوتاری ناسیۆنالیستی لە پشتییەوە ئامادەیی هەیە، ناکرێت وەك چەمکی سیتیزنی ئینگلیزی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. تا  ساغبوونەوەی خۆم و کەسانی دی کە لەم گۆشە**

**نیگایەوە بۆ وشەی "هاولاتی" دەڕوانن و دۆزینەوەی چەمکێك بۆ وشەی "هاولاتی", من بەبەكارهێنانی لە نێوان دوو كەوانەدا كەڵكی لێوەردەگرم.**

***ئازادی ژن: جاك شیراك دەڵێ, بە مەبەستی یەكێتی نەتەوەیی فەرەنسا و بنەمای عەلمانی یاساكانی فەڕەنسا, خوازیاری قەدەغەكردنی حیجاب و تەواوی سیمبوڵە ئاینییەكانی ترن لە قوتابخانەو شوێنی كاردا, ئایا ئێوە لەگەڵ ئە مجۆرە قەدەغەكردنەدان وە بۆچی؟***

حەمیدی تەقوایی: بەڵێ من بە تەواوەتی لەگەڵێدام. بەلام نەك بە و هۆكارانەوەی كە ئاغای شیراك باسیان لێوەدەكات. من نازانم كرێكارێكی فەرەنسی چەند لەگەڵ ئاغای شیراك و نموونەكانی دیكەی وەك ئەودا هەست بەم یەكێتەیە دەكات. باس لەسەر یەكێتی میللی و لەم چەشنە "قۆڕییاتە" ناسیۆنالیستییانە نییە كە دەوڵەتەكان لە هەر فرسەتێكدا دەیانەوێ خەڵكی پێ بەنج كەن و كەڵكی لێوەربگرن. خودی عەلمانی بوون, مەسەلەكە زیاتر ڕۆشندەكاتەوە. بەلام بە بۆچوونی من, هێشتا عەلمانی بوونی قانوونەكان, بەیانێكی پڕ و گشتیگیری مەسەلەكە نادات بە دەستەوە. ئەگەر ئەمڕۆ شۆڕشگێڕانی گەورەی فەڕەنسا لەبەرانبەر حیجابدا سەرنجی خۆیان بدایە, دەگەڕانەوە بۆ بنەماكانی كۆمەڵگای مەدەنی و مافی "هاولاتی"بوون و منیش هەر بە هۆی ئەوانەوەیە كە خوازیاری قەدەغەكردنی حیجاب و سیمبولە ئاینییەكانی دیكەم. باسی من لەوێوە دەستپێدەكات كە "هاولاتییان" لە باری قانوونییەوە یەكسانن و هەر لەم ڕووەشەوە نابێ شوناسی میللی و مەزهەبی و گرووپیی و "كاست"ی و چینایەتییان, لەو پەیوەندییە كۆمەلایەتییانەدا كە لە نێوان یەكدا بەرقەراریدەكەن, پێوەر و بڕیاردەر بێت. حیجاب هەروەك هەر چەشنە جلوبەرگێك, خۆدەرخستنێك یان سیمبولێ ڕوو لەدەری ئاشكرای ئایین یان قەومیگەرایی كە دەبێتە هۆی بەرجەستەكردنەوە و نمایشكردنی شوناسێكی تایبەت لەسەر و شوناسی هاولاتیبوونی تاكەكانی كۆمەڵگاوە, وە بە هۆی فەرزكردنی ئەم شوناسە تایبەتییەوە لەسەر و ئەسڵی شوناسی كۆمەلایەتی و ئینسانی تاكەكانەوە لە دژایەتیدایە و دەبێ قەدەغە بكرێت. بە واتایەكی تر, من چۆن دژی ناوبردن و دەستنیشانكردنی ئایینی تاكەكانم لە ئەوراق و شوناسنامەكانیاندا, بە هەمان شێوەش دژی حیجابم.

**ئازادی ژن: هەستدەكرێت باسی ئێوە واوەتر لە باسی عەلمانییەت و لائیك یان تەنانەت جیایی دین لە دەوڵەت و خوێندن و پەروەردە دەچێت. ئایا ئەمجۆرە مامەڵەكردن , بە تایبەت لە پەیوەند بەم پرسیارەوە حیجاب, كە ئاكامی پەلاماری ئیسلامی سیاسییە, نووكی ڕەخنەكەتان لە ئایین كولتر ناكاتەوە, ئایا ئەم ڕەخنەیە زیاتر گشتیگیرانە نایەتە پێش چاو؟**

حەمیدی تەقوایی:ڕاستە باسی من لە عەلمانیەت و لائیك واوەتر دەچێت, بەلام ئەمە بە مانای كولبوونی ڕەخنە نییە لە هێرشەكانی ئێمەدا بۆ سەر ئیسلامی سیاسی, بەڵكو بە پێچەوانەوە ڕەخنەیەكی قوڵتر و پایەیترە لە خۆتێهەڵقورتاندنەكانی ئایین, نەك هەر لە دەوڵەت و پەروەردە و فێركردندا, بەڵكو لە تەواوی لایەن و پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكاندا. بە بڕوای من, قوڵترین ڕەخنەیەك لە ئایین, دەسپێكردنە لە شوناسی كۆمەلایەتی ئینسانەكانەوە. ئەمە بنەمای كاری ئێمە پێكدەهێنێت نەك تەنها لە بەرانبەر ئاییندا, بەڵكو لە پەیوەند بە ڕەخنەگرتن لە ناسیونالیزم و ڕاسیزم و قەومیگەرایشدا. بەلام لە ئێستادا باسەكەی ئێمە لە دەوری حیجاب چەقیبەستووە. لە ڕوانگەی عەلمانییەت و جیایی دین لە دەوڵەت و خوێندن و پەروەردەوە, دەكرێ تا ئاستی قەدەغەكردنی حیجابی كچانی لە خوار تەمەنی قانونییەوە لە ئیدارات و قوتابخانە دەوڵەتییەكاندا بڕۆین. بەلام لە ڕووبەرێكی گەورەتری كۆمەڵگادا, حیجاب و ڕوخسارەكانی تری ئایین و سیمبولەكانی, بە دەستلێنەدراوی و ڕێپێهێلراو دەمینێتەوە. بۆ نموونە لە تەواوی دامودەسگا تایبەتییەكاندا, لە كارخانە و شوینەكانی بەرهەمهێناندا, لە هەموو سازمان و ئەو كۆڕ و كۆمەلانەدا كە پەیوەندی كاركردن نین و دەستگای فێركردن و پەروەردەش نین. بە پشتبەستنی ڕووت بە عەلمانییەت, حیجاب

و جلوبەرگ و سیمبولە ئاشکراکانی دیکەی ئایینی لە فراوانترین ڕووبەری کۆمەڵگادا کۆنەکراونەتەوە. لە کاتێکدا لە تەواوی ئەو پەیوەندییانەدا کە لەسەرەوە باسکران, ئەم دیاردانە بە هەمان ئەندازە بۆ خودی ژن و کۆمەڵگا تێکدەر و زەرەرمەندن. ئەگەر بۆ نموونە حیجاب لە قوتابخانە یان ئیداراتێکی دەوڵەتیدا, لە گەڵ بنەماکانی عەلمانییەتدا دژایەتی هەیە, ئاژیتاسیۆنکردنە بۆ ئایینێکی دیاریکراو, ژن لە پلەیەکی خوارەوەدا جێدەخات و جیاوازی لە نێوان ئینسانەکاندا دروستدەکات, ئەوە لە شوێنەکانی دیکەی کۆمەڵگادا هەر هەمان شتە. عەلمانییەت تانوانێت پێ بنێتە ئەم مەیدانانە و بۆیەش لە باری پراکتیکەوە کەم دەهێنێت. ئەوەشمان لە یاد نەچێت, ئەمە تەنها هەڵوێستوواندنە لەبەرانبەر ئاییندا. قەومیگەرایی و ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم و شوناسە دژی ئینسانییەکانی دیکەی باوی ناو کۆمەڵگا, هەموویان لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری عەلمانییەتدان. وەڵام ئەوەیە کە دەبێ لە شوناسی کۆمەڵایەتی ئینسانەکانەوە دەسپێبکرێت تا بتوانرێت کە لە هەمان ئاستی یاساییەوە تەواوی ئایین و ناسیۆنالیزم و قەومیگەرایی و شوناسە دژی ئینسانییەکانی دیکە لە کۆمەڵگادا گسک بدرێن.

**ئازادی ژن: مەبەستتان ئەوەیە کە ئەم گۆشەیەی ڕەخنەی ئێوە دەست بۆ ڕیشەکانی پرسیار دەبات, بۆچی؟**

حەمید تەقوایی: مارکس دەڵێ: لە پەیوەند بە ئینسانەوە, ڕەگ تەنها خودی ئینسانە. ئەگەر دەخوازی پرسیارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕەگەوە چارەسەر بکەیت, دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ ئینسان و ئینسانییەت بکرێتەوە بە تەوەر. بە بڕوای من , شوناسی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگا, ڕاستەوخۆ لەسەر ئینسانی بوونی ئەوانەوە ڕاوەستاوە. لە بنەمادا ئینسان ئینسانە چوون بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. ئینسانی بوونی ئینسان, بە بێ کۆمەڵایەتی بوونی ئەو و ڕۆڵێك کە ئەو لە کۆمەڵگادا لە بوونی ئینسانەکاندا هەیەتی, لە باری مێژووییەوە بۆ نەسڵی بەشەر و لە ژیانی هەر تاك و ئەندامی کۆمەڵگایەکدا, لە هەر بڕگەیەکی مێژوویدا, قابیلی باوەڕپێکرن نییە. تەواوی شوناسەکانی تر کە لە مێژووی درێژی کۆمەڵگای چینایەتیدا بە ئینسانەکانەوە لکێنراون, بۆ نموونە شوناسی ئایینی و ناسیۆنالیستی و قەومی و تەنانەت خودی شوناسی چینایەتیش, هەر هەموویان سەرچاوەکەیان لە لەخۆنامۆبوونی ئینسانەوە سەرچاوەی گرتووە لە شوناسی کۆمەڵایەتی و ئینسانی خۆیان. ناتوانایی ئینسانەکان بۆ ناسینەوەی شوێن پێ نابەرابەرەکانیان و ئەو دەردی سەریی و بێمافییانەی کە لە بوونی چینەکان و چینایەتی بوونی کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتووە, جۆرێك لە دڵنەواییدانەوە و ئاماژەکردنە بەم شوێن پێ چینایەتییە نابەرابەر و نا ئینسانییانە. ئایین و قەومیگەرایی و ناسیۆنالیزم لە کۆتایی خۆیدا و لە قوڵترین ئاستەکانیدا, بەرهەمی لە خۆنامۆبوونی ئینسانەکانی کۆمەڵگای چینایەتین. لەم ڕووەوە, ڕەخنەی ڕادیکالانە لە ئایین و قەومگەرایی و ناسیۆنالیزم, دەبێ لەم لەخۆنامۆبوونەی ئینسانەوە دەسستپێبکات و بوونی ئینسانی و کۆمەڵایەتییانەی ئینسانەکان لە بەرانبەر ئەو هەموو ئەو جۆرە دابەشکردنانەی کە وەك لەمپەرەکانی کۆمەڵگای چینایەتی دەرکەوتوون, بکاتە پێوە ر و لە خۆیدا بەرجەستەی بکاتەوە. ئەم سیستەمە نەك هەر لەبەرانبەر ڕەخنەگرتن لە ئیسلامی سیاسیدا, بەڵکو لە ڕەخنەگرتن لە ئایین وەك سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی و فیکری و تەنانەت وەك ئەرکێکی تایبەتی ئینسانەکانیش, دەبێ خاڵی دەسپێکردنی ئێمە و گەڕانەوەمان بێت بۆی, واتا بۆ شوناسی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان .

**ئازادی ژن: بەڵام هێرشێك کە لە خۆرئاوادا دەستی پێکردووە بۆ بە ڕەسمی ناسینی حیجاب, ڕاستەوخۆ دەرئە نجامی ئیسلامی سیاسییە, ئایا لەم پرسیارەدا, کەموکوڕییەك لە عەلمانییەتدا هەیە؟**

حەمیدی تەقوایی: بەڵێ وایە. عەلمانییەت لە ئاستی قانوونیدا, ڕەخنەیەکی ڕوکەشییانە و ناتەواوە لە ئیسلامی سیاسی. من دەپرسم, خودی ئیسلامی سیاسی بەرئەنجامی چییە؟ نەتیجەی بەرەو دواوە کشانەوەی سیاسی فەرهەنگی خۆرئاوایە لە بەرانبەر مەترسی چەپ و سۆسیالیزمدا. ئەنجامی سیاسەتی دەرەوەی سەرمایەداری خۆرئاوایە لە دەیەی هەشتاکاندا لە بەرابەرکێیدا

لەگەڵ بلۆکی شۆرەویدا و لە نەوەدەکانیشدا ئەنجامی کۆششی دەسەلات بەسەر جیهانی دوای شەڕی سارددایە. لە بارێکی تایبەتیتردا, بەرئەنجامی ڕووبەڕوو بوونەوەی خۆرئاوایە لەبەرانبەر شۆڕشی 1979ی ئێران و بەرهەڵستیکاریە لەبەرانبەر کاریگەری شورەوییدا لە ئەفغانستاندا. لە ئاستێکی فەرهەنگیشدا, بەرئەنجامی تێزە بۆگەنەکانی نسبییەتی فەرهەنگی و پۆست مۆدێرنیتە و گەڕانەوەیە بۆ ئایین لە دەروونی کۆمەڵگای خۆرئاوادا. بەرئەنجامی بەرابەرکێی کۆنەپەرەستی جیهانییە لەبەرانبەر سۆشیالیزم و جەوهەرە ئینسانییەکەی ئەودا. بەرئەنجامی پاشەکشێکردنی بۆرجوازی خۆیەتی لە ئایدیا ڕادیکاڵ و پێشکەوتووخوازەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا. بە خەیاڵمدا نایەت کەسێك پێیوابێ بە بێ کۆماری ئیسلامی ئێران و تالێبانەکان, بەبێ نسبییەتی فەرهەنگی و پۆست مۆدێرنێتە, حیجاب ببوایەتە پرسیارێك بۆ کەسانێك کە لە دوورترین دێهاتەکانی ئەورووپادا ژیان بەسەر دەبەن. دروستە کە دەبێ بچینە جەنگی ئیسلامی سیاسییەوە, بەڵام ئەم جەنگە لە بنەما و جەوهەری خۆیدا, جەنگە لە نێوانی سۆشیالیزم و سەرمایەداری سەدەی بیست و یەکدا. ئەمە یەکێك لە مەیدانەکانی نەبەردی گرنگی ئێمەی سۆشیالیستە. هەر وەك چۆن لە بەرانبەر جەنگی تێرۆریزمی ئیسلامی و تێرۆریزمی دەوڵەتی خۆرئاوای دوای یانزەی سێپتێمبەرەوە, ئێمە پەرچەمی دنیای شارستانیمان هەڵکرد, ئەمڕۆش دەبێ لە بەرانبەر حیجابدا, بە نوێنەرایەتی بەرەی سێیەم, بەرەی خەڵکی موتەمەدینی دونیا, هەر هەمان پەرچەم هەڵکەینەوە. وەڵامی ئێمە لە کۆتاییدا, سۆشیالیزمە, بەڵام وەك چۆن لە بوار و بەرەکانی دیکەدا و لە ئێستایشدا لە پەیوەند بەم پرسیارە تایبەتییەوە و لە دڵی هەر هەمان ئەم کۆمەڵگایانەدا, وەڵامی پێویستی خۆمان هەیە. عەلمانییەت و لائیك بوون, بەشێکی کەمی ئەم وەڵامانەن. بەڵام وەك چۆن لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد, عەلمانییەت تەواوی پرسیارەکە تەنانەت لە ئاستی قانوونیشیدا شیکار ناکات. بە بڕوای من لە پەیوەند بە حیجابەوە, جیهانی شارستانی لەسەر بنەمای شوناسی کۆمەڵایەتی و ئینسانییانەی ئینسان, نوێنەرایەتی دەکرێت. ئێمە دەبێت لە بەرانبەر بۆرژوازی بۆگەن و ئیسلامی سیاسیی دەسکردی ئەودا, شوناسی کۆمەڵایەتی "هاوڵاتییان", بخەینە دەستووری کارمانەوە. ئەمە وەڵامی قانوونی و پراکتیکیمانە لە هەمان کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا , نەك هەر لەبەرانبەر ئیسلامی سیاسیدا, بەڵکو لە بەرانبەر قەومیگەرایی و ناسیۆنالیزم و ڕاسیزمی بۆگەنی سەر دەرهاتووی دنیای دوای شەڕی ساردیشدا.

**ئازادی ژن: مەبەستتان ئەوەیە کە لە دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆدا, عەلمانییەت لەوە باریکترە کە بتوانێ لە بەرانبەر پەلاماری سیاسی ئاییندا, تەنانەت دیفاع لە دەستکەوتەکانی خۆیشی بکات؟ پەرچەمی دیفاعکردنی ئێوە لەم دەستکەوتانە کامەیە؟**

حەمیدی تەقوایی: عەلمانییەت لە خۆیدا کارێکی پێشکەوتووخوازانەیە و  دەبێ خوازیاری بەدیهاتنی بین لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا, بەڵام پرسیارەکە لە تایبەتمەندێتی ئەمڕۆیدا ئەوەیە کە ئیدی ڕەخنەی عەلمانییانە لە ئایین کافی نییە. ڕێمپێبدەن کەمێك لەم پرسیارە وردتر بینەوە. ئەگەر ئەمڕۆ لەپاش  شۆڕشی گەورەی فەرەنسا و حسابیەکلایکردنەوەی بیرمەندانی ئاتەئیستی چەرخی ڕۆشنگەری لەگەڵ خوادا, ئایین هەر ئامادەیی هەیە, بە هۆی ئەوەوەیە کە بۆرژوازی پێویستی پێیەتی. ئایین لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا, هەموو ڕۆژێك دووبارە بەرهەمدەهێنرێتەوە. بوونی ئایین لە مرۆدا, بە هۆی پێویستی ئەمڕۆی بۆرژوازییەوەیە بە ئایین. پیویست بوون بە پاپا و ڤاتیکان و ئیسلامی سیاسی لە چەرخی ئەمڕۆماندا, هەر هەمان ئەو پێداویستییانە نین کە لە سەردەمی فیودالێدا هەبوون. ئەو کاتە بۆرژوازی پێویستی بە کۆیلەداری نەبوو و بۆیەش ڕیشەکێشی کرد. هەم لە ئاستی فیکری و تیۆری و هەم لە ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیدا.  ئەم کارە لە مرۆشدا دەکرێ لە بەرانبەر ئاییندا ئەنجامبدرێت. بەڵام ناکرێ چینەکانت قبوڵ بێت و ئایینیش بخەیتە کەنارەوە. بۆرژوازی نە دەیەوێت و نە خوازیاری ئەوەیە کە لە جیایی دین لە دەوڵەت بەولاوە, زیاتر بڕوات. هەر وەك چۆن لە مەیدانی ئازادیشدا, ناتوانێت لە دیموکراسییەتی پارلەمانی تێپەڕێنێت. ئێوە دەربارەی پەلاماری ئایین دەدوێن و منیش وەك چۆن لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد, زەمینەساز و هۆکاری سەرەکی ئەم پەلامارەی ئایین, لە خودی بۆرژوازی خۆرئاوادا دەبینم.  پێشڕەوانی شۆڕشی بۆرژوازی لە ڕەخنەگرتنی کۆمەڵگا فیودالێیەکانی سەردەمی خۆیاندا, تا کردنەدەرەوەی خودا لە ناو سنوورەکانی  فەلسەفە و زانست و دەوڵەت و فێرکردن و

پەروەردە, بەرەو پێشەوە دەچوون. بەڵام لەبەرانبەر ڕەخنەی سۆشیالیستیدا, لەبەرانبەر بیرمەندانی شۆڕشگێڕی چینی کرێکاردا, ناچار بوون کە جارێکی تر خوا بێاخننەوە یەك بە یەکی ئەو مەیدانانەی کە پێشتر خودای تیا فڕێدرابووە دەر. هەڵسانەوە و کەڵەگایی ئەمڕۆی ئیسلامی سیاسی, لە کۆتایدا بەر ئەنجامی ئەم پاشەو پاش گەڕانەوەی بۆرژوازییە. پرسیارەکە ئەوە نییە کە لە مرۆدا عەلمانییەت لە ڕەخنەگرتنی ڕیشەییانەی ئاییندا کورت دێنێ, پرسیار ئەوەیە کە ئەمڕۆ بۆرژوازی هەم لە ئاستی فیکری و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفە سیاسییەکەیدا, هەم لە ئاستی پراکتیکی سیاسیدا, دەستی لە عەلمانییەت شتووە. ڕەخنەی بیرمەندانی شۆڕگێڕی بۆرژوازی لە ئایین و ئایدیای کۆمەڵگایەکی بێبەری لە ئایین, وەکو ئایدیاکانی ئازادی و یەکسانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسەدا, هەم خۆشباوەڕی و هەم ناکۆکییەکە. ئەم ناکۆکییە دەکرێ بە دوو جۆر چارەسەر بکرێت. ڕێگای هەڵبژێردراوی بۆرژوازی بۆ خۆقوتارکردن لەو ناکۆکییە, ئەوەیە کە ئێمە لە مێژووی کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەمڕۆدا شایەتی بووین. بۆرژوازی تازە دەسەلات بەدەستەوە گرتوو, هەر لە سەرەتاوە, لە خۆشباوەڕییەکانی شۆڕگێڕانی پێشووی خۆی, مەسافەی گرت و زیاتر" دنیابینتر و واقعبینتر" بوو. بۆیەش دووبارە جێگایەکی بۆ ئایین لە سیاسەت و کۆمەڵگادا کردەوە. ئەم ڕێگا چارە بۆرژوازییە, بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی لە نێوان ڕاوەستانەوە لە بەرانبەر ئایین و پاراستی کۆمەڵگای چینایەتیدا بوو. لە بەرانبەریشدا, چینی کرێکاری سۆشیالیست, بە کەڵکوەرگرتن لە ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانی ئاتەئیستەکانی چەرخی ڕۆشنگەری, خوازیاری چارەسەرکردنی ئەم پرسیارە بوو. ئەمیش بە مانای نەفیکردنەوە و تووڕهەڵدانی ئەو زەمینانەی کە بنەما و بوونی ئایینی لەسەر ڕاگیراوە کە چەوساندنەوە و دابەشکردنی چینایەتی کۆمەڵگایە. ئەمەش بە مانایەکی تر, یانی ڕاوەستانەوە لە بەرانبەر پاشەکشێی بۆرژوازی لە ئایدیا شۆڕشگێڕییە سەرەتاییەکانی خۆیی و گرنگتریش لەوە, تێپەڕاندن لە خودی ئەو ئایدیایانەیە. بۆیەش ئیسلامی سیاسی, بە عەلمانییەت و لائیك بوون ناخرێتە کەنارەوە. دەبێ تەواوی سیستەمی سەرمایەداری کە پێویستی بە ئیسلامی سیاسی هەیە, هەڵتەکێنرێت. پەرچەمی ئێمە لە بەرانبەر ئایین و نەبەردەکانی دیکەی وەك ڕزگاری ژنان و ئازادی و بەرابەریدا, سۆشیالیزمە. هاوکاتیش, بە مەبەستی تاکە مللیمەترێك نزیکبوونەوەی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگایەکی عەلمانی و کردنەدەرەوەی ئایین لە هەر گۆشە و کەنارێکی کۆمەڵگادا, بە تەواوی هێزمانەوە دەجەنگین. عەلمانییەت بە هۆی گرنگی خواستەکانییەوە, تەنها بەیانکردنی لانی کەمی خواستەکانی خەڵکییە. بە بڕوای من, بە پشتئەستووری بە شوناسی کۆمەلایەتییانەی ئینسانەکان لە هەردوو ئاستدا, لە خەباتی ستراتیژییانەی ئێمەدا بۆ سۆشیالیزم و کردنەدەرەوەی ئایین لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا, هەر دوو چەکێکی گەورە و کارسازن.ئەمە دەتوانێت بناغەی فەلسەفەی یاسایی ئێمە بێت لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا و هەمیش دەکرێ هەنگاوێك بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی ئێمە. سۆشیالیزم, سنووری کۆتایی و کامڵی گەڕانەوەی ئینسانەکانە بۆ شوناسی کۆمەلایەتی خۆیان.

**ئازادی ژن: ئێوە جەخت لەسەر شوناسی کۆمەلایەتی "هاولاتییان" دەکەنەوە, دەکرێ بە تایبەتی پێمان بڵێیت, مەبەستتان لە چییە؟ بۆچی ڕەخنەیەکی بەرینترە لە عەلمانییەت, دەکرێ ڕۆشنکردنەوەیەکی زیاتر لەسەر ئەمە بکرێت؟**

حەمید تەقوایی: باسی من لە تایبەتمەندێتی خۆیدا ئەمەیە: ئێمە دەبێ لە ئاستی قانوونی و لە گۆشەنیگای فەلسەفەی مافەکانی "هاولاتییان"ی کۆمەڵگای ئێستادا, شوناسی کۆمەلایەتی ئینسانەکان وەك بنەمایەك لەبەر چاوماندا دابنێین. بە بڕوای من, ئینسانەکان لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا, دەبێ وەك هاولاتییانێکی مافیەکسانی کۆمەڵگا, نەك وەك تاکێکی سەر بە ئایین, گروپ, میللەت, قەوم, قەبیلە, کاست و هەر دابەشکردنێکی دیکەی چینایەتی تایبەت دەربکەون. ئەمە پایەی چەمکی "هاولاتی" بوونە. لە کۆمەڵگا نا مەدەنییەکاندا, بۆ نموونە لە کۆمەڵگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا, تاکەکان بەسەر ئەشراف و ڕەعییەتدا دابەشدەبوون و دواتریش سەدەها تیپی ئایینی و عەشیرەیی و قەبیلەیی و توێژی دیکەی کۆمەلایەتی لێدەبووە وە کە هەر یەکە ماف و جێگاوشوێنی تایبەتی لە کۆمەڵگادا هەبوو. ئەشرافەکان, ڕۆحانییەکان, سەنعەتگەران, پیشەوەران, جەنگاوەران و لە دەروەونی ئەم دابەشکارییانەشدا, گروپی جۆراوجۆری ئایینی و قەومی و هەر یەکەیان لە مافی خۆی و بێمافییەکانی خۆیان بەهرەمەند بوون. ئەم جێگاوشوێنە کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرانەش لە ڕووکەشی تاکەکاندا, لە جلوبەرگ و

ئارایشت و ڕەفتاری ئینسانەکانیشدا خۆی نیشانددەدایەوە. ئەمە بووە ئەرکێکی ئیجباری, نەك لە باری قانوونییەوە, چونکە قانون لـەم کۆمەڵگایانەی پێش بۆرژوازیدا هێندە کارکردی کۆمەلایەتی نەبوو, بەڵکو بووە ئیجبارێکی ترادیسیۆنی و ئاینی و کاستی. کەسێك نەیدەتوانی جلوبەرگ و ئارایش و شوێنی ژیانی خۆیی و ڕەفتار و سلوکێك هەڵببژێرێت بە جیا لـەوەی شوێن پێی چینایەتی و ئاییبی و قەومییەکەی ئەو کە بۆی دیاریکردبوو. لـەو سەردەمەدا, چەمکی "هاولاتی" بووون و ئەندامی کۆمەڵگا بوون, بوونی نەبوو. سەردەمی ڕۆشنگەری و شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا , بووە ڕاسانی ڕەخنەگرتنی تیۆری و پراکتیکی ئەم جیهانە کۆنە و کۆمەڵگا مەدەنییەکانی لە شوێنیدا بنیاتنا.

یەکێ لـە بناغەکانی کۆمەڵگای مەدەنی, بەرابەری قانوونی تاکەکان و جێیگرتنەوەی شوناسی کۆمەلایەتی ئەوان بووە لـەبری شوناسی ئاییبی و قەومی و چینایەتی و سێکتییەك کە لـە کۆمەڵگای فیوداڵیدا بوونی هەبوو. لـەمڕۆشدا بۆرژوازی, وەك لـە پێشتریشەوە ئاماژەم پێدا, لـە بەرانبەر بە مەترسی سووردا, دەستی لـە ئایدیا ڕادیکالـەکانی چەرخی ڕۆشنگەری شتووە و خۆشی دووبارە فەراهامکەر و زەمینەسازی سەرلـەنوێ دابەشکردنەوەی کۆمەڵگاکانە لـە سەر بنەماکانی ئاین و قەومیگەرایی و راسیسم و ناسیونالیزمدا. ئەمڕۆ ئێمەی سۆشیالیست دەبێ ئەو پەرچەمە بلند بکەینەوە. هەروەکو چۆن لـە تەواوی بوارەکانی ئازادی سیاسی و مافەکانی ژنان و دەیەها شتی تردا ئەو کارەمان کردووە. وەختێك ئێوە شوناسی کۆمەلایەتییانەی ئینسانەکان وەك بنەمایەکی پایەیی لـە بەرچاوی خۆتاندا دادەنێن, ئەو کاتە ڕۆشنتر دەبێتەوە کە بۆچی دەبێ حیجاب نەك تەنها لـە ئیدارات و قوتابخانەکاندا کۆبکرێتەوە, بەڵکو لـە هەر نیهاد و دامەزراوەیەکدا کە ئینسانەکان دەچنە ناو پەیوەندییەکی کۆمەلایەتییەوە, دەبێ لـەوێشدا کۆبکرێتەوە. کاتێك فەلـسەفەی قانونی ئێوە, جەخت لـەسەر شوناسی کۆمەلایەتییانەی ئینسانەکان دەکات, ئەو کاتە ڕۆشنتر دەبێتەوە کە بۆچی حیجاب و هەر چەشنە ئارایش و خۆنیشاندانی ئاییبی و گرووپی و قەومی لـە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا, دەبێ قەدەغەبکرێت. شوناسە نامەدەنییەکان, کۆمەڵگای مەدەنی دەشێوێنێت. ئەگەر لـە پۆلێکی قوتابخانەدا قوتابیان و مامۆستا ڕووی دەرەوەی خۆیان نیشان بدەن کە گوایا سەرب یاخود کرواتن, موسولـمان یاخود جوون, بەهائین یاخود شیعەن, هیندون یاخود چینین , ئەو کاتە لـەو قوتابخانەیەدا هەمو کارو کاردانەوەیەك ئەنجامدەدرێت, خوێندن و پەروەردە نەبێت. ئەمە لـە کارخانە و ئیدارات و خەستەخانە و ئەنجومەن و تیپی وەرزشی و کۆڕ و کۆمەڵـە فەرهەنگی و هونەری و فرۆشگا و ئامرازەکانی هاتووچۆی گشتیشدا هەر وایە. پەیوەندی گرتنی تاکەکان بەم شوناسە نا ئینسانییانەی خۆیانەوە, کاری تەواوی ئەو دەستگایانە دەشێوێت. بەلام تۆ دەتوانیت پێم بلێی کە قەدەغەکردنی یاسایی ڕێگا چارە نییە و دەبێ ئاستی پێکەوەژیان و سەبر و تەحەمولکردن و موداراکردنی یەکتری لـە کۆمەڵگادا ببرێتە سەر. بەلام منیش دەلێم, لـە پەیوەند بە جیاوازی سروشتی لـە چەشنی ڕەنگی پێست و نەژادە "جیاوازەکان"دا دەکرێتە ئەوە بکرێت, چونکە ئینسانەکان ناتوانن ڕەنگی سروشتی خۆیان بگۆڕن و بیشارنەوە, هەر بۆیەش ڕێگاچارە بە جیا لـە تەئکیدکردنەوە لـەسەر تۆلێرانس و پێکەوەژیانی لـەگەڵ یەکدا, هیچ شتێکی تر نییە. بەلام لـەبەرانبەرگروپە ئاییبی و میلـلی و ڕاسیستییەکاندا, ناکرێت ئەم کارە بکرێت, چونکە ئەو کاتە نارۆشنییەکی گەورە لـە ناسینی خودی پرسیارەکەدا هەیە. چونکە خودی گرووپی ئاییبی و قەومی و ڕاسیستی بە هۆی بوونی دەمارگیری ئەوانەوەیە. کەسێك کە دەمارگیری ئاییبی و میلـلی نەبێت, جەختێکی زۆر لـەسەر پاراستنی ڕواڵـەتی دەرەوەی جلوبەرگ و سیمبولـە ئاییبی و قەومییەکانیشی ناکات. تۆ ناتوانی چاوەڕوانی ئەوە لـە هند و سەرب و شیشانی و موسولـمانێك بکەیت کە دەستی لـە پۆشاك و ڕوخسارە قەومیی و ئاییبییەکانی خۆی نەشتبێت کە لـە بەرانبەر ئاین و میلـەتەکانی دیکەدا دەمارگیر نەبێت. ئاخر ئەگەر دەمارگیری نەبێت, ئەوە ئێمە لـەبەرانبەر هیچ کێشەیەکدا نین. بۆیە دەبێت لـە باری قانوونییەوە لـە هەموو خۆنیشاندانێکی ڕوخسارییانەی گرووپی ڕێگیری پێکبهێنرێت, وە لـە ئاستی فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژیشدا, لـە جیاتی تیۆری موداراکردنی یەکتری, کە لـە دوا ئەنجامەکانیدا لـە نسبییەتی فەرهەنگیمان نزیکدەخاتەوە, ڕۆشنگەری لـە پەیوەند بە شوناسی کۆمەلایەتی و ئینسانی تاکەکانی کۆمەڵگا, لـە دەستووری کاری خۆتاندا دابنێن. بە بڕوای من ئەمە ڕێگا چارەیەکە.

ئەم قسانەی من تازە نین. بۆرژوازیش لـە شۆڕشی گەورەی فەڕەنسەدا هەر هەمان کاری کرد, چونکە خوازیاری ئەوە بوو کە بە جیا لـە شوێن پێی ئابووری ئینسانەکان وەك خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنەران و خاوەن هێزی کاری خۆ, هیچ جیاوازییەکی دیکە لـە نێوان ئینسانەکاندا نەمێنێت. ئێمەش ئەمڕۆ سۆشیالیستەکان خوازیاری هەر هەمان شتین, چونکە خوازیارین کە بە جیا

له شوناسی چینایەتی تاکەکانی کۆمەڵ هیچ جیاوازیەکی تر کۆمەڵگا دابەشنەکات. ئەمە نەك هەر لەبەر ئەوەی کە ئیمکانی ژیانێکی باشتر و ئینسانی تر لەو کۆمەڵگایانەدا فەراهامدەکات, بەڵکو یارمەتی ئێمەش دەدات کە بە شێوەیەکی شەفاف و ڕۆشنتر دابەشبوونە چینایەتییەکانی کۆمەڵگا بخەینە ژێر نووکی رەخنەو پەلاماری خۆمانەوە و ڕێگای خۆمان بۆ لە کەنارەوەنانی ئەم دواهەمین ڕێگرییە و گەیشتن بە سۆشیالیزم, ئاسانتر کەین.

**ئازادی ژن: ڕێم پێبدەن بگەڕێمەوە سەر مەسەلەی حیجاب. ئێوە ئاماژەتان بە ئایدیکانی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کرد. دەکرێ بڵێن کە یەکێك لە و ئایدیایانە ئازادی جلوبەرگە و ئێوەش بە قەدەغەکردنی حیجاب, جا لەبەر ڕۆشنایی قانوونی هەر فەلسەفەیەکدا بێت, ئەو ئازادییە پێشێلدەکەیت, وەڵامی ئێوە چییە؟**

حەمیدی تەقوایی: ئەم پرسیارە دەکرێ لە دوو ئاستدا وەڵامبدرێتەوە. یەکەمییان ئەوەیە کە حیجاب جلوبەرگێکی تایبەتی وەك پانتۆڵ و تەنوورە نییە. ئەگەر وا بووایە, بێ حیجابی هیچ کەسێك لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا تاوان نەدەبوو و بە قامچی و ئەسید پێدارشتن وەڵامی پێنەدەدرایەوە. حیجاب یەك فەرزکراو و ئیجباری ئاینییە تەنانەت ئەگەر ژن خۆیشی ئەوەی هەڵبژاردبێت. حیجاب چەشنێك لەو جلوبەرگانە نییە کە لە ڕەنگ و پارچە و بڕین و دوورینیدا, جیاوازی لەگەڵ جلوبەرگەکانی دیکەدا هەبێت. حیجاب کاتیگۆریزەکردنی ژنە وەك کاڵایەکی جنسی. دەبێ ئەو موڵکی مێرد و برا و باوك بێت و " لە چاوانی نامەحرەم", بەدوور ڕابگیرێت. بەستنەوەی ژن بە مێرد و ژێردەستی و کۆیلەیی ژن, لە حیجابدا شاراوەتەوە و ئاوێزانبووە. . ئەوانەی کە لە ڕەخنەگرتنی حیجابدا, حیجاب وەك سیمبولی ژێردەستەیی ژن دووپاتدەکەنەوە, ڕەخنەیەکی ناتەواو دەگرن. سیمبوڵ لە خۆیدا وەك ئەرکێك , ئەگەر چی ئەو ئەرکە کۆنەپەرەستانەش بێت, دەکرێ لە خۆیدا بێ ئازار بێت. هەر وەك چۆن کە ئاڵا سیمبولی ناسیۆنالیزمە و ئەستێرەی داودیش سیمبولی زایۆنیزمە. بەڵام حیجاب بە تەنها سیمبوڵ نییە, بەڵکو لە خۆیدا هۆکاری ژێردەستی و کۆیلەکردنی ژنە. وەکو پێڵاوی تەختەیی چینییەکان کە ڕێگا لە ڕۆشتن و هاتوچۆی ژنان دەگرێت, حیجابیش لە خۆیدا هۆکاری تووندکردنەوە و هێشتنەوەی ژێردەستی ژنە. ئەگەر کەسێك بیەوێت کۆت و زنجیری کۆیلەکان وەك بەشێك لە زینەتی جلوبەرگی کۆیلەکان بقەبڵێنێ, دەتوانێ حیجابیش وەك جۆرێك لە پۆشاکی ژنان تەماشا بکات.

بەشی دووەمی وەڵامەکە ئەوەیە کە کاتێك لە ئاستێکی پایەیتردا دەگەڕێیتەوە بۆ زەمینە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی ئازادی جلوبەرگپۆشین, هەستدەکەیت کە نەبەردەکانی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای چاخەکانی ناوەڕاست لێرەشدا هەر لە ڕەوتدایە. ئازادی جلوبەرگپۆشین لە بناغەیترین ئاستەکانی خۆیدا, بۆ برەوپێدان و بەرفراوانکردنی جلوبەرگی مەدەنی , وەك ستاندارتێك بۆ هەموو "هاوڵاتییان" لەبەرانبەر جلوبەرگی ئیجباری ئاینی و گرووپی و کاستی و چینایەتییەکانی دەروونی کۆمەڵگای فیودالیدا هێنرایە ئاراوە. ئازادی پۆشش یان جلپۆشین, بە مانای ئەوەی کە جلوبەرگ نابێت ئیجبارێکی ئاینی و گرووپی بێت. نابێت ڕووخساری دەرەوە, نیشاندەری ئەوە بێت کە فلانە سەر بە ئەشەرافە و فیساریش ڕەعییەتە, ڕۆحانییەتە, پیشەوەرە, یان سەر بە فلانە ئاین و قەومییەتە. لێرەشدا دەبینین , بۆرژوازی شۆڕشگێڕی سێ سەد ساڵ بەر لە ئێستا, خوازیاری ئەوە بوو کە بە جیا لە جیاوازی ئابووری, نەداری و دەوڵەمەندی, هۆکارێکی تر بۆ جیاوازی لە پۆشاکی ئینسانەکاندا نەمێنێت. ئازادی پۆشینی جلوبەرگ, ڕووی ئەودیوی برەوپێدانی جلوبەرگی مەدەنی , جلوبەرگی ستاندار بۆ هەموو "هاوڵاتییان" پێکدەهێنێت. بە بیانوی ئازادی جلوبەرگپۆشینەوە, دووبارە هێنانەوەی حیجاب بۆ ناو کۆمەڵگا, نوکتەیەکی ناخۆشە کە تەنها لە زەمانی پاشەو پاشگەڕانەوەی ئەمڕۆدا و لەسەر بنەمای تێزە کۆنەپەرستانەکانی نسبییەتی فەرهەنگی و پۆستمۆدێرنە و نەهیکردن لە شوناسی گەردوونگەرایانەی ئینساندا , دەرفەتی بۆ هاتۆتە پێش. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم مافە وەکو هەموو مافەکانی دیکە, بە مانای ئەوە نییە کە هاوڵاتییان هەر کاتێك و لە هەموو شوێنێکدا دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن. بەشێکی زۆر لە دامەزراوە و شوێنی کارەکان, جلوبەرگی تایبەتی خۆیان هەیە. هەر وەکو چۆن ئازادی بەیان و ڕادەربڕین, بە مانای ئەوە نییە کە لە سەعاتی کار و لە ئیدارە و کارخانەدا, بچیتە سەر مێزێك و دەست بە ئاخاوتن بکەیت. ئازادی جلوبەرگپۆشینیش , بە مانای پۆشینی هەر جۆرە جلوبەرگێك و لە هەموو شوێنێکدا نییە. ئێمە ئەگەر حیجابیش وەك

جلوبەرگێك قبوڵبکەین. تەنها لەو شوێنانەدا ئازادە کە ژنان لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدا نین لەگەڵ کەسانی دیدا. ئەمیش تەنها بە مانای لە ماڵەکانیاندا یاخود لە کوچە و کۆڵان و شەقامدایە. لە پەیوەندییەکانی کار و خوێندن و پێکەوەییە فەرهەنگی و وەرزشییەکاندا, حیجاب دەبێ قەدەغە بکرێت, ئەمە نە تەنها دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی ئازادی جلوبەرگپۆشیندا نییە, بەڵکو درێژەپێدەر و دەرئەنجامی ئەوە.

**ئازادی ژن: دەکرێ بووترێت کە حیجاب کردارێکی شەخسیی و تایبەتییە و جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوهێنانی ئایینی تاکەکاندا لە شوناسنامە و ئەوراقە ڕەسمییەکاندا. تەنانەت ئەگەر حیجاب وەك یەك ئەرکی ئایینی, نەك وەك جۆرێك لە جلوبەرگ لە بەرچاوبگرین, هەر دەبێ وەك ئەرکێکی شەخسی وەربگیرێت. هەر بەوەی کە ئێمە ئایین وەك ئەرکێکی شەخسی تاکەکان, وەك مافێك دەناسێنین, بۆیەش قەدەغەکردنی حیجاب بە مانای ئەوە دێت کە تۆ ئەو مافە قانوونییە ژێرپێ دەنێیت. لە بارەی ئەمەوە چی دەڵێیت؟**

حەمیدی تەقوایی: ڕێم پێبدەن کە کەمێك وردتر لە دەستەواژەی "ئایین ئەرکێکی شەخسییە" ووردبمەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئاوا تەفسیرکراوە کە جیایی ئایین لە دەوڵەت بۆ بە شەخسیکردنەوەی ئایین کارێکی کافییە. بە دەربڕینێکی تر, ئایینی تایبەتی (شەخسی), لەبەرانبەر ئایینی دەوڵەتیدا, یان دەخالەتکردنی دەوڵەت لە ئاییندا لێکدەدرێتەوە. ئەم دەرئەنجامبەدەسهێنانە, کارێکی دروست نییە. لە پەیوەند بە موڵکایەتیشدا ئەم لێکدانەوەیە برەوی هەیە. چونکە موڵکایەتی دەوڵەتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان, هاوتادەکرێتەوە بە هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی. لە کاتێکدا لە بەرانبەر موڵکایەتی تایبەتیدا, موڵکایەتی گشتی بوونی هەیە نەك دەوڵەتی. دیارە ئەم "نارۆشنییە" هۆکاری چینایەتی خۆی هەیە کە من لێرەدا ناچمە سەری. کاتێك دەڵێیت ئایین ئەرکی تایبەتی تاکەکانە, بەو مانایە دێت کە ئایین کارێکی کۆمەڵایەتی نییە و نەك ئەوەش کە دەوڵەتی نییە. جیایی ئایین لە دەوڵەت و خوێندن و پەروەردە, تەنها ڕەهەندێکی ئەم نا کۆمەڵایەتی بوونەی ئایینە. ئایین وەختێك لە واقیعدا و بە تەواوەتی بە کارێکی شەخسی و تایبەتی دەگۆڕدرێت, کاتێك وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەی لێبگیرێت و نەفی بکرێتەوە. یاخود لە باری قانونییەوە , وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی قەدەغە بکرێت. لای ئێمە ئەم تێڕوانینە لە بەڵگەنامەکانی حزبماندا لە ژێر فۆرمۆڵەی " دەستکورتکردنەوەی ئایین لەسەر کۆمەڵگا" ڕاگەیێندراوە. ئەم هەڵوێستوەرگرتنەی ئێمە لە بەرانبەر ئاییندا و لە ئاستی قانوونیدا, ڕووبەرێکی فراوانتر دەگرێتە خۆیی و واوەلاتر لە چەمکی جیایی ئایین لە دەوڵەت و خوێندن و پەروەردە دەچێت. وەك وتم:ئایین دەبێ لە کۆمەڵگا جیابکرێتەوە, تاکەکان دەتوانن بیروباوەڕی ئایینی خۆیان هەبێت, دەتوانن ئاداب و ترادیسۆنییە ئایینییەکانی خۆیان پەیڕەوی بکەن, جلوبەرگ و سیمبوڵە دەرەوییەکانی ئایینی خۆیان هەبێت, بەڵام ئەمانە هەمووی وەکو ئەرکێکی تایبەتی و شەخسی . کاری شەخسیی و تایبەتیش, بە مانای ئەوەی کە کارێکی کۆمەڵایەتی نییە. ئەگەر بڵنگۆی گەرەك یان ڕۆژووخوێندنی تاکێکی ئایینی , دەبێتە هۆی سەغڵەتکردنی خەڵکی گەرەك, ئەوە ئیتر لەم ساتەدا ئایین لە ئەرکێکی فەردی و شەخسییەوە گۆڕدراوە بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و دەبێ بەری پێبگیرێت. جلوبەرگ و خۆنیشاندانی ئایینی لە دامەزراوە و نیهادە کۆمەڵایەتییەکاندایشدا دەبێتە هۆی سەغڵەتی پێکهێنانی پەیوەندی و چوارچێوەناسراو و کۆمەڵایەتییە مەدەنییەکانی ئەو دامەزراو و نیهادانە و دەبێ قەدەغە بکرێت. ئیتر لێرەدا جلوبەرگی ئایینی یەك کاری شەخسی و فەردی نییە چونکە یەك چالاکی کۆمەڵایەتی تێکداوە و بۆیەش قەدەغەکراوە. بەڵێ منیش پێموایە کاتێك دەڵێن: ئایین ئەرکی شەخسی و تایبەتیە, بە ڕۆشنی بە هۆی جلوبەرگی ئایینی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکاندا قەدەغەیە. نەبینینی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیبوونی ئایین, نەك نا دەوڵەتی بوونی ئایین, زیاتر لە سنوورەکانی عەلمانییەت واوەلاتر دەچێت.

**ئازادی ژن: یانی ئێوە پێتان وایە کە عەلمانییەت خوازیاری کۆمەڵگایەمی غەیری ئایینی نییە؟**

حەمیدی تەقوایی: بە بڕوای من, دەبێ جیاوازی لە بەینی دەوڵەتی عەلمانی و کۆمەڵگای عەلمانیدا بکرێت. عەلمانییەت یانی جیایی ئایین لە دەوڵەت و لە پەروەردە و خوێندن. بەڵام ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگایەکی عەلمانیمان هەبێت, ئەمە ئیتر کافی نییە. لە کۆمەڵگایەکی عەلمانیدا, دەبێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان, هەتا ئەگەر دەوڵەت لەناویاندا کاریگەری نەبێت, لە دەرەوەی نفوزی ئایینیدان بهێڵرێنەوە. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی عەلمانی بیەوێت بە شێوەیەکی گونجاو بە غەیرەئایینی خۆیەوە بمێنێتەوە و دوچاری دژایەتی نەبێت, دەبێ تا ئاستی جیایی ئایین لە دەوڵەت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرە و پێش بڕوات. بە تەنها داوای جیایی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن لە کاتێکی وەك ئەمڕۆدا کە ڕووبەڕووی سیاسیی بوونی ئایین و ئیسلامی سیاسین, هیچ شتێکمان لە پەیوەند بە شوێن و دەستێوەردانی ئایین لە پەیکەرەی کۆمەڵگادا پێنالێت. هەر بە هۆی ئەمەشەوە یە کە کەسانێکی وەکو "گنجی" و نەوەکانی خومەینی لە ئێراندا, دەتوانن ناوی عەلمانی لە خۆیان بنێن ئەگەرچی ئایین ئامادەییەکی گەورەی لە تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لە بناغەدا , ئەوە ئەم بێ دەربایسییەی عەلمانییەتە لە بەرانبەر ڕەخنە لە ئامادەیی ئایین لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا کە دەرفەتی ئەم جۆرە تێگەیشتنانە دەدات. وەختێك کۆمەڵگای عەلمانی ئامانج و بنەمای سیاسەتی ئێوە نەبێت, ئەوسا ڕێگا لەبەردەم تەفسیراتی کۆنەپەرستانەدا لە عەلمانیەت کراوە دەبێت. ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ شایەتین ئەوەیە کە دەوڵەتی عەلمانی , نەك هەر لە لایەن نوێنەرانی لە گۆڕەوە دەرهاتووی بۆرجوازی لە ئێراندا, بەڵکو لەلایەن خودی بۆرژوازی و دەوڵەتە غەربییەکانەوە, بە تەواوەتی خراوەتە کەنارەوە. ئەو دەوڵەتە قەومی, ئایینی , ناسیۆنالیستییەی کە بڕیارە لە عێراقدا جێبخرێت, نموونەیەکی زیندووی ئەم "لە پشتەوە تێهەڵدانە" ڕەسمی و ئاشکرایەی عەلمانییەتە, جا بە هەر تەفسیر و ڕوونکردنەوەیەك کە لەسەر چەمکی مۆدێرن و مەدەنیبوونی دەوڵەت و کۆمەڵگا هەبێت.

**ئازادی ژن: ئێوە ئاماژەتان بە جیایی ئایین لە دەوڵەت لە تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کرد, ئایا لە کۆمەڵگایەکی واهیدا , جێگایەك بۆ ئایین دەمێنێتەوە, ئایا ئازادی تاك لە هەڵبژاردنی حیجابدا, بە تەواوەتی نەفی نابێتەوە؟**

حەمیدی تەقوایی: قەدەغەکردنی حیجاب لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا, نەفیکەرەوەی ئازادی تاکەکان نییە. هەر کەسێك ئازادە وەك تاك , بە مانای لە دەرەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا, لە ماڵ و کۆڕوکۆمەڵە شەخسییەکانی خۆیدا, لە کۆچە و کۆڵان و شەقامدا, لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە ئەو ناچێتە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییەوە, بە هەر جلوبەرگێك و ئارایشێکەوە دەرکەوێت.

**ئازادی ژن: بەڵام هێشتا ئەو پرسیارە وەك خۆی ماوەتەوە کە ئێوە دەتانەوێ ئەو جیاوازییە فەردییانە, لانی کەم لە کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا, نەفیکرێتەوە. ئایا ئەمە هەمان تاوانبارکردنی سۆشیالیزم نییە بەوەی کە خوازیاری لە بەینبردنی جیاوازییە فەردییەکان و جلوبەرگی یەکڕەنگ و یەکسان بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵگایە؟**

حەمیدی تەقوایی: ئەوەی ئازادی تاکەکان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا قەدەغە دەکات و ئەم مافە پێشێڵدەکات, حیجاب و جلوبەرگی ئایینی و ڕوخسارە دەرەکییەکانی ئایینە. بە مانایەکی تر, ئەوە شوناسی قەومی و ئایینی و ناسیونالیستی ئینسانەکانە کە دژایەتی لەگەڵ ئازادییە فەردییەکاندا هەیە نەك شوناسی کۆمەڵایەتی ئەوان. ئەو دیدگا و جیهانبینییەی کە تاکەکانی کۆمەڵگا وەك "هاولاتییانی" کۆمەڵگا بە ڕەسمی دەناسێنێت, لە واقیعدا لە ئیرادە و ئازادی تاکەکان دیفاعدەکات, نەك هەر لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا, بەڵکو لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا. ئێمە دەڵێین: بێجگە لە سەلیقە و زەوقی تاکەکان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا, نابێت هیچ شتێکی دیکە لە پەیوەند بەم پرسیارەوە بڕیاردەر بێت. ئێمە خوازیاری پێدانەوەی ئیرادەی تەواوین بە ئەندامەکانی کۆمەڵگا. ئایین ڕێك پێچەوانەی ئەمە دەڵێت و خوازیارە دەست و پێی خودا و گوناح و چاکە و خراپە و بەهەشت و جەهەنەم لە جلوبەرگی ژنانەوە بپێچێت و جلوبەرگێکی یەکسان و یەکشێوەیان بەسەردا بقەبڵێنێ. فەردییەت

وشەخسییەتی ژنانێك كە حیجابیان بەسەردا داوە, نەك هەر لە هەڵبژاردنی جلوبەرگدا, بەڵكو لە بوارگەلێكی بەرینتردا لە مافە فەردی و كۆمەڵایەتییەكانی تریاندا, دەخرێتە ژێر پێوە. لە بنەمادا , شوناسی ئایینی و قەومی و ناسیۆنالیستی پێویست كراوە تاكو ئیرادە و هەڵبژاردنە فەردییەكان نەفی بكرێنەوە و سەرە گەورە قەومی و ئایینی و ناسیۆنالیستییەكان , بە واتایەكی تر بۆرژوازی دەسەڵاتدار, لە بری ئەندامەكانی دیكەی كۆمەڵگا, بڕیاردەربن. حیجاب ئازادییەكی فەردی نییە, بەڵكو جەبرێكی ئایینییە و یەكشێوە و یەكدەموچاوكردنی ئەو ژنانەی كە بە ملییان بە حیجابداوە, سەرەتاییترین و یەكەمین نیشانەكانی حیجابە. سۆشیالیزمێك كە من دەربارەی دەدوێم, بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسانە, ئیرادە لە هەموو ڕووخسارە كانی ژیانی ئینسانیدا.

**ئازادی ژن: دەڵێن كەڵكوەرگرتن لە حیجاب لە كۆمەڵگاكانی خۆرئاوادا, بەرئەنجامی جەختكردنەوەی كۆچكردووان و پەنابەرانێكە لەسەر شوناسی خۆیان لە بەرانبەر ئەو فشارە ڕاسیستی و بیمافییانەی كە دەوڵەتەكانی خۆرئاوا لەسەرییان دایدەنێن. هەر بۆیەش حیجاب وەك جۆرێك لە ناڕەزایەتی كۆمەڵایەتی بە مەبەستی بە دەستهێنانی شوناسی خۆ باسیلێوەدەكرێت. بە بڕوای ئێوە, ئایا حیجاب لەم جەدەلەدا, لە جێگا و ڕێگایەكی ئاواهی بەهەرەمەندە؟**

حەمیدی تەقوایی:گەڕانەوەی حیجاب بۆ ئەوروپا لە بنەمادا كارێكی سیاسییە. جۆرێك لە پەلامار و فشارەكانی ئیسلامی سیاسییە وەك چۆن لە وەڵاەكانی پێشووتردا ئاماژەم پێكرد. ئەوە خودی بۆرژوازی خۆرئاوایە كە ڕێی پێداوە و ئێستاش بۆتە ئەو مۆتەكەیەی كە دەستی لە بینی خۆی ناوە. بەلام ئەم پاشەكشێ سیاسییە لە ئاستە فەردی و سایكۆلۆژیی و كۆمەڵایەتییەكانی پەنابەراندا, بە شێوەی بە دەستهێنانی شوناسێكی جیاوازتر و ناڕازی بە كۆمەڵگا خۆرئاواییەكان خۆی نیشاندەدات. ئەمە ڕوویەكی تری ڕاسیزم و مامەڵەی نا ئینسانی و بێحورمەتیكردن بە پەنابەرانە لەم وڵاتانەدا. لێرەدا, ڕاسیزم و ئایین یەكتری بەهێز و تەواودەكەن. هەروەكو چۆنیش لە دوورنما سیاسییەكەی سیاسەتی میلیتاریستی سیستەمی نوێی جیهانی و ئیسلامی سیاسیدا, ئەم دووانە تەواوكەر و بەهێزكەری یەكترین. لە گشتیدا وا دەڵێن كە پەنابەران لە وڵاتە ئەوروپییەكاندا دووچاری ئەزمەی شوناس دەبن و كۆششەكانیش بەو ئاڕاستەیەدا دەبرێن كە ئەم ئەزمەیە و هۆكارەكەی لە بەرابەركێ و دژایەتی نێوان فەرهەنگ و ئایین و نەتەوە و ئاداب و ترادیسیۆنەكاندا ڕوونبكرێتەوە. بەڵام دەردی ئەم ئەزمەی شوناسە لە هیچ كام لەوانەدا نین كە باسدەكرێن. بنەمای كێشەكە و ڕیشەكانی ئەم ئەزمەی شوناسە, لە واقیعدا لە بەدینەهاتنی شوناسی "هاوڵاتیبوون"ی هەردوو لادایە, واتا هەم پەنابەر و هەم "هاوڵاتی" ئەوروپیش. پەنابەرێك كە ئەگەرچی لەسەر كاغەز وەك "هاوڵاتی" ناونووسكرابێت , هیچ كاتێك لە باری پراكتیكەوە وەك ئەندامێكی مافیەكسانی كۆمەڵگا, حسابی بۆ ناكرێت. ئەمە هاوكات بە جۆرێكی دیكە لە بەرەكەی ئەوبەردا بە شێوازێكی دیكە دەردەكەوێتەوە كاتێك كەسێكی ئەوروپی شوناسە ناسیۆنالیستی و ڕاسیستییەكەی ڕێ لە دەرخستنی شوناسەمەدەنی و ئینسانییەكەی دەگرێت . ئەم دۆخە , واتا ئەم دوو شوناسە ناكۆمەڵایەتییە(1) و بە لەبەرانبەر یەكتریدا ڕاوەستان, هەلومەرجێك و پەیوەندییەكی هێناوەتە ئاراوە كە لە هەردوو سەرییەوە كۆنەپەرستانەو نا ئینسانییە. لە ڕاستیدا ئەگەر بەریەككەوتنێكیش هەبێت, ئەوا لە نێوان ئەم دوو جۆرە شوناس و فەرهەنگی ناكۆمەڵایەتی ئینسانەكاندایە. شوناس و فەرهەنگی كۆمەڵایەتی ئینسانەكان شوناسێكی گەردوونگەراییانەی هەیە و بە گۆڕینی ئاو و خاك دووچاری تەنگەژە و دژایەتی نابێت. بێگومان كارێكی ڕۆشنە كە بۆ گەیشتن بەم شوناسە گەردوونگەرا ئینسانییە, دەبێ هەر چەشنە خۆهەڵواسین بە ئایین و ڕووخسارە دەرەكییەكانی ئەوەوە لەوانە حیجاب, لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا كۆبكرێتەوە. بە جەختكردنەوە لەسەر شوناسی نا كۆمەڵایەتی ئینسانەكان, ئەزمەی شوناسی ئینسانەكان جۆرە سازگاری و پێكەوەبوونێكیان بۆ ناخولقێنێت بەڵكو ئەم ئەزمەیە قوڵتر و قوڵتر دەكاتەوە. نوقومبوونی زیاتری پەنابەران لە ناو فەرهەنگ و ڕەفتار و ئایین و ترادیسیۆنی خۆیاندا, بە مانای دووركەوتنەوەی زیاتری ئەوان لە شوناسە گەردونییە ئینسانییەكەیان. ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیاری بێ شوناسییەكە كە ئەوان وەك ئەزمەی شوناس بانگەوازی بۆ دەكەن. ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر ڕاسیزمی كۆمەڵگای ئەوروپی و ئایین و ناسیۆنالیزمی پەنابەراندا , بە ژیانی گێتۆیی و پلە دوویی "هاوڵاتیبوون" ی پەنابەران نایەتە دی. بەڵكو بە وەلانانی هەر جۆرە جیاوازی و بەریەككەوتن و دژایەتییەك كە لە نێوان نەتەوە و ئایینە

جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایەکدا هەیە, بە هاتنەدەرەوەی گروپە خەڵکیە جیاوازەکانە لە شوناسە نا مەدەنییەکانیان و چارەسەرکردنی ئەم ئەزمەی شوناسەیانە لە ڕێگای جەختکردنەوە لەسەر شوناسی کۆمەڵایەتی و ئینسانی هەمووان. ئەمەش لە ئاستی قانونیدا, ئێمە دەگەێنێتەوە بە قەدەغەکردنی حیجاب و هەر چەشنە خۆنیشاندانێکی گروپی ئایینی و میللی لەناو ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگایەکدا دروستدەبێت.

**ئازادی ژن: هەڵوێستی ئێوە لە پەیوەند بە کەمایەتییە قەومی و میللی و ئایینییەکاندا چییە, لە ڕواڵەتدا وا لە باسەکەی ئێوەدا دەردەکەوێت کە ئێوە مافی ئەم کەمایەتییانە بە ڕەسمی ناناسن؟**

حەمیدی تەقوایی: بە پێچەوانەوە, تەنها لەم گۆشە نیگایەوەیە کە بتوانرێت پارێزەری تا سەری مافی کەمایەتییەکان بێت. جەختکردنەوە لە سەر شوناسی مەدەنی ئەندامەکانی کۆمەڵگا, بە مانای بە ڕەسمی ناسینی هەموو کەمایەتییەکان وەك ئەندامانی مافیەکسانی کۆمەڵگا. ئەگەر سەرنج بدەیت, تۆ دەتوانیت بە دوو شێوە پارێزەری مافی کەمایەتییەکان بیت. یەکێکیان ئەوەیە کە تۆ پۆزیشیۆن و بوونی ئەم کەمایەتییە قەومی و ئایینی و میلییانە بە ڕەسمی بناسیت و دواتریش خوازیاری مافی تایبەتی بیت بۆ ئەوان. یان ئەو بناغەیەی کە مەسەلەی کەمایەتی و شوناسە میللی و ئایینی و نەژادی و ئەوانی دیکەی خوڵقاندووە بە ڕەسمی نەناسیت و هەموو ئەوانە لە تەنیشتی یەکەوە وەك "هاوڵاتییانی" مافیەکسانی کۆمەڵگا چاو لێبکرێت. ڕێگا چارەی واقیعی و پراکتیکی ڕێگای دووەمە. ڕێگای یەکەم, گرفتەکە چارەسەر ناکات بەڵکو وەك خۆی دەیهێڵێتە و قوڵتری دەکاتەوە. ئەگەر نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە, ئەوا ڕێك وەك ئەو کەسەی لێ دێت کە خوازیاری بەدیهێنانی مافی هەژارانە و لە جیاتی بەڕەسمی نەناسینی دابەشکردنی چینایەتی کۆمەڵگا بە سەر دەوڵەمەند و هەژاردا و نەفیکردنەوەی ئەم دابەشکارییە, هەموو ئەمانە قبوڵبکات و خوازیاری یارمەتی و کۆمەکێکی زیاتر بێت بۆ هەژاران و بانگەوازی دەوڵەمەندان بکات کە هەژاران تێربکەن و چاوێکیان لێیان بێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە خەبات نییە لەبەرانبەر هەژاریدا, بەڵکو هێشتنەوە و توندکردنەوەی هەژارییە.

بەڵام کاتێك لە ئاستێکی دیکەدا تەماشای ئەم پرسیارە دەکەیت, بە پەلە بۆت ئاشکرا دەبێت کە لەم جۆرە هەڵوێستنواندن و سەرنجدانەشدا, هێشتاکە تێڕوانینێکی بەر لە کۆمەڵگای مەدەنی و فیودالی بۆ کۆمەڵگا ئامادەیی هەیە. بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی , کۆی کۆمەڵێك لە کەمایەتی ئایینی و قەومی و ناسیۆنالیستی نییە کە لە ئێستا بمانەوێت لە ڕێگای بەدیهێنانی مافی تایبەتی هەر گروپێکەوە , جۆرێك لە باڵانس و بەرابەری لەنێوانیاندا پێك بێنین. کۆمەڵگای ئینسانی پێکهاتووە لە ئینسانی بەرابەر کە لەسەر بناغەی شوناسی کۆمەڵایەتی و هاوبەشی هەمووان دروست بووە. لە کۆمەڵگای چینایەتیدا, ئەم شوناسە هاوبەشە ئینسانییە لە ژێر تیشکی شوناسی چینایەتی و ناسیۆنالیستی و ئایینی و نەژادییەکاندا, جیدەگرێت و نەفی دەکرێتەوە. دواتریش , دوای لە ژێر پێنانی ئەم شوناسە ئینسانییەی ئەندامەکانی کۆمەڵگا, "موسلح"ینێك پەیدادەبن کە خوازیارن لە ڕێگەی بەخشینەوەی مافی تایبەت و تێزەکانی نسبییەتی فەرهەنگییەوە ئەم مۆزاییکە لە یەکنەچوو و لە خۆنامۆبووە بە یەکەوە بچەسپێنن. شیعاری فیدراڵیزم کە ئەمڕۆ لەلایەن بەشێك لە گروپە سیاسییەکانی ئێرانەوە بەرزکراوەتەوە, هەنگاوی نزیکبوونەوە لەم جۆرە پێشنیارە کۆنەپەرستانەیەیە بۆ ڕێکخستن و لێکداپچڕاندنی کۆمەڵگاکان لەسەر بنەما قەومی و ئاینییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست . ئەمانە هەمووی نموونەیەکن بۆ هێشتنەوەی کۆت و بەند نەوەك بۆ ئازادی هەمیشەیی.

هەم کۆمەڵگا و هەم تاکەکانیش ئەگەر بیانەوێ ڕەها و ئازاد بن, دەبێ شوناسە ئاینی و قەومی و ناسیۆنالیستی و نەژادییەکان نەفیکەنەوە و بۆ شوناسی کۆمەڵایەتی و ئینسانی خۆیان بگەڕێنەوە. وەك پێشتر ڕامگەیاند, ڕێگاچارەی کۆتایی و کاملْ و گەڕاندنەوە, سۆشیالیزمە. بەڵام تاکو گەیشتن بە سۆشیالیزم, بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم, دەبێ لە دەروونی هەر ئەم کۆمەڵگایانەی ئەمڕۆشدا, لە ئاستی قانوونیدا, نەخش و ڕۆڵی شوناسە ناکۆمەڵایەتییەکانی ئینسانەکان, تا ئاستی کەمکردنەوەی کاریگەرییان بۆ کەمترین ئاستی تێبکۆشین یان بە تەواوەتی ڕەد بکرێنەوە .

**ئازادی ژن: بۆچی شوناسی ئینسانی لە ڕەگەز و ئایین و ئەتنییەت و نەژاد و نەتەوە جیادەکەیتەوە؟بەرهەڵستکارانی ئێوە دەڵێن: هەر ئینسانێك لە جوگرافیایەکی نەتەوەیی و ئەتنی و فەرهەنگی هاتۆتە دنیاوە و لە کۆتایشدا سەر بەو جوگرافیا دیاریکراوەیە, وەڵامی ئێوە چییە؟**

حەمیدی تەقوایی: ئینسانەکان بەر لەوەی ئینتیمایان بۆ جوگرافیایەکی میللی و قەومی و فەرهەنگی هەبێت, ئەندامانی کۆمەڵگای ئینسانیین. ئەوە کۆمەڵگایە کە لە ڕووی مێژوویەوە بە نەوەی ئینسان و هەر تاکێکیش لە هەر جوگرافیایەك هاتبێتە ئاراوە , فۆرم دەبەخشێت. ئینسان هەر وەك لە ناو و پێناسەکەیەوە هاتووە, چونکە ئینسانە, خاوەنی شوناسی کۆمەڵایەتیە. ئەو ئینسانەی کە مەجبور بێت بۆ ناسین و خۆپێناسەکردنی دەست بە داوێنی ئایین و نەتەوە و ئەتنییەتەوە بگرێت, دووچاری ئەزمەی شوناس نەبووە, بەڵکو شوناسە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکەی بەرەسمی دانی پیانەنراوە و بەدی نەهاتووە.

بەڵام لە ئاستێکی سیاسیدا, لە پشتی ئەم ئینتیما و شوناسداتاشینە میللی و ئایینی و قەومییانەوە, ئامانجەکانی چینە دەسەڵاتدارەکان, لە مرۆدا بۆرژوازی خەوتووە. حزب و بزوتنەوە ئاینی و قەومی ومیللییەکان لە باری گشتییەوە ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە بەم شێوەیە و لەم ڕێگایانەوە, بەواسیتەی سەروەری و پێشڕەوییە میللی و قەومی و ئاینییەکاننەوە لە یەك وڵاتدا, یان بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە میللی و ئایینەکانی جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە, لە کۆتایدا بە خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی ئینسان دەگەن. بەڵام تەواوی ئەم پرسیارە لەسەر ئەم چەمکی "بەواسیتە"یەوە ڕاگیراوە. دیفاعکردن لە بەرژەوەندییە ئینسانییەکان پێویستی بە هیچ "واسیتەیەك" نییە. بەڵام بۆ دیفاعکردن لە بەرژەوەندییەکانی چینێکی دیاریکراو لە ژێر ئاڵاکانی ئینسانییەتدا, قاچی جوگرافیای فەرهەنگی و میللی و قەومی و ئایینی و کۆمەڵێك "واسیتەی" تر دەکێشرێتە ناوەوە. ئاڵا, خودا, ئاو خاك, نەژاد , هەموویان کراونەتە شتێکی پێویست تا چینایەتی بوونی کۆمەڵگا و باڵادەستی بوونی سیاسی و ئابووری چینێکی پێ بشارنەوە و بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار وەکو بەرژەوەندی گشت کۆمەڵگا نیشان بدەن. لەبەرانبەر ئەم جۆرە حزب و سیاسەت و دیدوبۆچوونانەدا, ڕاستەوخۆ و بە جیا لە هەر چەشنە جوگرافیایەکی فەرهەنگی و میللی و ئاینی, دەبێ ئینسان بخرێتەوە سەنتەر و بکرێتەوە بە بنەما.

**ئازادی ژن: پرسیارێکی تر کە لێرەدا دێتە پێشەوە, هەڵوێستی بەشێکی زۆری حزبە ئەوروپییەکانە کە خۆشیان بە چەپ و پێشکەوتووخواز دەناسێنن. ئەم حزبانە دژایەتی خۆیان بۆ قەدەغەکردنی حیجاب ڕادەگەیێنن بە هۆی دژایەتی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسییەوە بۆ ئیمپریالیزم و دەوڵەتە خۆرئاواییەکانەوە, هەڵوێستان لەبەرانبەر ئەو هێزانەدا چییە؟**

حەمیدی تەقوایی: دەکرێ هەر ئاوەڵناوێکی دیکە بۆ ئەم حزبانە بدۆزیتەوە بەجیا لە "چەپ و پێشکەوتووخواز". ئەم جۆرە لە ئەحزابی سیاسی, لە پەیوەند بە هەر پرسیارێك و هەڵوێستوەرگرتن لە بارەی ئەوەوە, بنەما و پێوەر و قیبلەنمایەکیان هەیە کە ئەویش دژایەتی ئەمریکایە. ئەمانە لە واقیعدا وەك گروپێکی فشار بە کۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەتییەوە کار دەکەن نەوەك وەك حزبێکی سیاسی. ئەو لۆژیکەی ئەمانە پەیڕەوی لێدەکەن ئەوەیە کە هەر حزب و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر ئەمریکادا ڕابوەستێت, هەم پێشکەوتووخوازە و هەم شایەنی پشتیوانیلێکردنە. تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەوتە سیاسییە ڤایرۆسی دڕندەیی و دواکەوتوویش بێت, بۆ ئەوان جیاوازی پێك ناهێنێت. ئەمانە بانگەوازکەری خەباتی دژی ئیمپریالیزمن, بەڵام تێگەیشتن و بۆچوونی ئەمانە دەربارەی ئیمپریالیزم, لە ئاستی هەمان ئەو بۆچوونەدایە کە هەمان ئیسلامییە هاوسفرەکانی ئیمپریالیزم هەیانە. بزووتنەوە و هێزێك کە دەیەوێت لە واقیعدا خەباتگێڕی دژی ئیمپریالیزم بێت, لەگەڵ پاشماوەی سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمدا کە لەم دوو دەیەی دوایدا, واتا ئیسلامی سیاسی, هاو ڕێگا و هاوبەرە نابێت. ئەم جۆرە ئەحزابە سیاسییانەیە دەبێ وەك بەشێك لە پرۆسەی پاشەوپاش بەرەودواوە گەڕانەوەی کۆمەڵگاکانی ئەورووپادا چاولێبکرێن. دیفاعی ئەم هێزانە لە حیجاب وەك چەکێکی دژی ئیمپریالیستی, هەڵوێستەکانی ئێمە لە پەیوەند بە مەسەلەی حیجاب و ئیمپریالیزم و ئیسلامی سیاسییەوە, قایم و توندوتۆڵتردەکات.

1 – **تێبینی وەرگێڕ: شوناسی "نا کۆمەڵایەتی" وەك چەمکێك لە ئاخاوتنەکەی حەمیدی تەقوایدا دووپاتدەبێتەوە. بەڵام ئاماژەکانی حەمیدی تەقوایی بە شوناسی کۆمەڵایەتی , وەك لە درێژەی ئاخاوتنەکەدا ڕۆشندەبێتەوە, هاوتا دەبێتەوە بە شوناسی ئینسانی ئینسانەکانی کۆمەڵگا. بۆیەش بەکارهێنانی شوناسی "ناکۆمەڵایەتی" بۆ شوناسە ئەتنی و ئایینی و ناسیۆنالیستی و نەژادییەکان, ئەم دەربڕینە دەکاتە چەمکێکی پڕ لە دژایەتی. بە تایبەتی ئەگەر ئەو گریمانە سادەیە لە بەرچاو بگرین کە تەواوی شوناسە کۆمەڵایەتییەکان, بە هەموو جۆرەکانیەوە, دروستکراوێکی کۆمەڵایەتین و لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا دروستدەکرێن. بەڵام جێگا و ڕێگای ئینسان وەك تاکێکی کۆمەڵگا, پرۆسەی لەخۆنامۆبوونێك کە حەمیدی تەقوایی لە درێژەی ئاخاوتنەکەدا ڕوونیدەکاتەوە, ناکۆمەڵایەتیبوونی ئەو شوناسانە, دەکاتە دەربڕینێکی زمانەوانی بە مەبەستی سنوورجیاکردنەوە: واتا پرۆسەی لەخۆنامۆبوونی ئینسان لەشوناسە ئینسانییەکەی خۆی, ئەو گۆشە نیگا و چوارچێوەیەیە کە شوناسە ئاینی و ئەتنی و نەژادییەکان, دەکاتەوە بە شوناسێکی ناکۆمەڵایەتی, نەوەك نا کۆمەڵایەتی بوونی شوناسەکان.**